




سێبەرکردن لە فایروۆرکس

وەك دەبینین لە ماڵپەڕو لۆگۆکانی ئەمڕۆدا زۆر بایەخدراوە بەکاریگەری ڕەنگدانەوە یان سێبەرکردن لەسەر نوسین یان پارچەکانی ناو وێنە یان نەخشەکە، جائەگەر بەیداخ(banner)بێت یان وەکو هەرکارێکی تر لەو شوێنەدا. بەزۆری لە پڕوپاگەندە تەلەفزێۆنیەکان بەدی دەکرێت. بابزانین پێکەوە چۆن؟

کارێکی تازە بکەرەوە بە پانی ٤٠٠ و بەرزی ٢٠٠ وپاشبنەمای سپی.




پاشان برۆ بۆ ئامرازەکان لەوێ ئامرازی نوسین هەڵبژێرەو شتێك بنوسە.




ئەنجا لەسەر تەختەکلیلەکەت پەنجە لەسەر (Ctrl+Alt+D) پێکەوە دابنێ بۆ ڕەنوسکردنی چینی نوسینەکە، یان بەم شێوەیە.




پاشان پێویستمان بەئاوەژووکردنی نوسینی چینەڕەنوسکراوەکە هەیەئەویش بە(Modify>>Transform>>Flip Vertical) .




ئێستا نوسینی چینەڕەنووسکراوەکە وا ڕێکدەخەین.




بۆ ئەوەی نوسینی چینەڕەنووسکراوەکە وەکو سێبەرێك دەربکەوێت دەبێت لەئاستی ڕەنگەکەی کەم بکەینەوە یان باشتر وایە بڵێین کاڵترکردنەوە. لە هەڵبژاردنەکان(Properties) لەخوارەوە ئەم کارە دەکەین.




تاوەکو ئەم ئەنجامە دەبینین.




ئێستا دەچین بۆ ئامرازەکان ئامرازی دیاریکردنی چوارگۆشەیی(Marquee tool) هەڵدەبژێرین.




وە لەنیوەی نوسینەکەوە بۆخوارەوە دیاری دەکەین.




ئێستا دەچین بۆ (Select>>Feather) لێرەدا بەپێی گەورەیی یان شێوەکە نرخێکی دەدەینێ.







ئێستا برۆ لەئامرازەکان ڕەنگپڕکەرەوە (Paint Bucket tool) هەڵبژێرە بەڵام هەمان ڕەنگی پاشبنەما بێت (بۆ نمونە ئێمە لێرە سپیمان هەڵبژاردوە).




ئێستا دەبێت ئەم گۆڕانکاریە وئەنجامە لای جەنابیشتان هەبێت.




نمونەیکی پێشکەوتوو.



بەهیوای ئەوەی توانیبێتم مەبەستم بپێکم

01 Dec 2005 نووسەر سیامەند 16 بۆچوون

هەموو مافەکان پارێزراوە بۆ وێبگەی فایروۆرکس بە کوردی